

عەدنان ئەحمەد

# خوێندنەوەیەک بۆ پێناسەی جێناوی لکاو

زۆرێك لە زمانناسان پێناسەیان بۆ جێناوی لکاو کردووە، لەو پێناسانەدا پشتیان بە بۆچوونی خۆیان بەستووە، یاخود لەژێر کاریگەریی بۆچوونی نووسەرانی دیکەدا نووسیویانە. سەرەڕای بوونی هەندێك جیاوازی لە خستنەڕووی پێناسەکاندا، بەڵام بەگشتی ناوەڕۆکی مەبەستەکانیان لە یەکترەوە نزیکە.

ئەوەی دەمەوێت لەم بابەتەدا لەسەری بدوێم، ئەو پێناسەیە کە لە نامەیەکی ئەکادیمیی ماجستێردا بە ناوی (جێناو: لێکدانەوەیەکی نوێ لە زمانی کوردیدا) خراوەتە ڕوو، کە دەڵێت: (جێناوی لکاو: بریتین لەو جێناوانەی کە لەجیاتی جێناوی سەربەخۆ و ناوی کەس بەکاردێن وەکو وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ لەناو ڕستەدا بەکارنایەن، بەڵکو بە وشەیەکی ترەوە دەلکێنرێن بۆ دەربڕینی دەوری کەسی و پەیوەندی وەسفی لە ڕستەدا بەکاردێن نالوێ ئاخاوتنی پێدەستپێبکرێت.)[1] نووسەر خۆی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەم پێناسەیە لەو پێناسانە وەرگیراوە کە پێشتر لە لایەن زمانەوانانەوە نووسراون. پاشان ئەم پێناسەیە لە نامەیەکی تری ماجستێردا بە ناوی (ڕێزمانی جێناو لە شێوەزاری خانەقیندا) بە دەستکارییەکی کەمەوە نووسراوەتەوە، کە دەڵێت (بریتین لەو جێناوانەی کە لە جیاتی جێناوی جودا و ناوی کەس بەکاردێن، وەك وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ لەناو ڕستەدا بەکار نایەن، بەڵکو بە وشەیەکی ترەوە دەلکێنرێن، بۆ دەربڕینی دەوری کەسیی و پەیوەندی وەسفی لە ڕستەدا بەکاردێن، نالوێت ئاخاوتنی پێدەستپێبکرێت، چونکە ئەم جیناوانە نوسەکن بە وشەی پێش خۆیانەوە دەلکێنرێن...)[2].

لەم پێناسانەدا کۆمەڵێك تێبینیم هەیە دەیاننووسم، بە ئوومێدی نووسین و خستنەڕووی پێناسەیەکی باشتر و گونجاوتر.

1- هەموو بکەرێك بەپێی ژمارەی خۆی جێناوێکی لکاو لە جێناوە لکاوەکان وەردەگریت و لەسەر کەرەستەیەکی تری ڕستەکە، بەپێی جۆری کردارەکە جێگیری دەکات. لەم پێناسانەدا ئەوە

---

1- تارا موحسین قادر، جێناو لێکدانەوەیەکی نوێ لە زمانی کوردیدا، ل 5.

2- ئومێد بەرزان برزۆ، ڕێزمانی جێناو لە شێوەزاری خانەقیندا، ل 10.

خراوەتەڕوو کەوا (جێناوەلکاوەکان لە بری ناوی کەس بەکار دەهێنرێن). ناوی کەس هەڵگری کۆمەڵێك تایبەتمەندییە، کە ئەو تایبەتمەندیانە لە گیاندارەکانی تری وەك (ئاژەڵ ، ڕووەك) و بێگیانەکاندا نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جێناوەلکاوەکان دەتوانن ڕۆڵی ئەوانیش لەناو ڕستەدا ببینن. وەکو لەم خشتەیەدا دیارە:

| | |
|---|---|
| منداڵەکان دەڕۆن. | (ن) جێناوی لکاوە بۆ (ناو)ی سێیەمی کۆ، بۆ (منداڵەکان) دەگەڕێتەوە. ئەگەر بکەر لەناو ڕستەکەدا لابەرین ئەوا ئەم جێناوە بەرجەستەکەری ڕۆڵی بکەرە لەناو ڕستەکەدا. بۆ نموونە (دەڕۆن) |
| سەگەکان دەوەڕن. | (ن) جێناوی لکاوە بۆ (ناو)ی سێیەمی کۆ، بۆ (سەگەکان) دەگەڕێتەوە. ئەگەر بکەر لەناو ڕستەکەدا لابەرین ئەوا ئەم جێناوە نیشاندەری دەوری بکەرە لە ڕستەکەدا. بۆ نموونە (دەوەڕن) |
| شووشەکان شکان. | (ن) جێناوی لکاوە بۆ (ناو)ی سێیەمی کۆ، بۆ(شووشەکان) دەگەڕێتەوە. ئەگەر بکەر لە ڕستەکەدا بسڕینەوە ئەوا ئەم جێناوە نمایشکەری ڕۆڵی بکەرە لە ڕستەکەدا. بۆنموونە (شکان) |

پاش ئەم شیکارییەی کە لەم خاڵەدا خستمە ڕوو بەو ئەنجامە دەگەین کە بڵێین جێناوەلکاوەکان لە بری ناو بەگشتی واتا ( گیاندار و بێگیان) بەکار دێن بەبێ جیاوازی. هەروەها نووسینی (کەسی...) لە گشتگیری و ڕاستیی پێناسەکە کەم دەکاتەوە بۆیە وا باشترە لە بری ئەوەی دەگوترێت (م) جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاك...) بگوترێت (م) جێناوی لکاوە بۆ ناوی یەکەمی تاك ...).

2- لەم پێناسانەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کەوا جێناوەلکاوەکان بە شەیەکی ترەوە دەلکێنرێن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەوا دەتوانرێت جێناوەلکاوەکانی دەستەی یەکەم لەگەڵ پێشگرەکانیشدا بەکار بهێنرێن.

* د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم دەڵێت: "ڕاناوەلکاوەکان لەگەڵ ئامرازی (بۆ، پێ، لێ، لەگەڵ) بەکار دەهێنرێت..."[3]

* لە کتێبی (زمان و ئەدەبی کوردی) پۆلی شەشەمی ئامادەیی، لە ئەرکی جێناوەکەسییەلکاوەکان لە دەوری تەواوکەری بەیاریدەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کەوا جێناوەلکاوەکان دەچنە دواى ئامرازەپەیوەندیەکان بەم شێوانەی خوارەوە:[4]

---

3- د. ئەورەحامانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەشی دووەم، جێناو، ل 114.
4- زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی شەشەمی ئامادەیی، چاپی یەکەم، 2006 ز، ل 97-102.

أ- لەگەڵ کرداری ڕابردوو و ڕانەبردووی تێنەپەڕ و بکەرنادیار، جێناوەکانی دەستەی یەکەم (م- مان...) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە، وە دەچنە دوای ئامرازەپەیوەندیەکانەوە. وەکو لەم خشتەیەدا دیارە:

| | |
|---|---|
| نامەمەکەم بۆ هات.<br>بۆم هات. | ڕستەی ڕابردووی تێنەپەڕ. پاش لادانی بکەر لەناو ڕستەدا جێناوەکان دەچنە دوای ئامرازەپەیوەندیەکان. |
| نامەکەمان بۆ دێت.<br>بۆمان دێت. | ڕستەی ڕانەبردووی تێنەپەڕ. |
| نامەکەتان لێ برا.<br>لێتان برا. | ڕستەی بکەر نادیار. |

ب- لەگەڵ کرداری ڕانەبردووی تێپەڕدا، جێناوەلکاوەکانی دەستەی یەکەم (م - مان...) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە و دەچنە دوای ئامرازەپەیوەندییەکانەوە. وەك لەم خشتەیەدا دیارە:

| | |
|---|---|
| ئێمە گوندەکانیان بۆ ئاوەدان دەکەینەوە.<br>بۆیان ئاوەدان دەکەینەوە. | ڕستەی ڕانەبردووی تێپەڕ. ئەگەر بەرکار لەڕستەکەدابوو ئەوە جێناوەکان دەچنە دوای بەرکارەکە، بەڵام ئەگەر بەرکار نەبوو ئەوا جێناوەکان دەچنە دوای ئامرازی پەیوەندی. |

ج- لەگەڵ کرداری ڕابردووی تێپەڕدا، جێناوەکانی دەستەی یەکەم دەبن بە تەواوکەری بەیاریدە و دەچنە دوای ئامرازەپەیوەندییەکان.

| | |
|---|---|
| ئەوان نامەیان بۆمان نارد. | ڕستەی ڕابردووی تێپەڕ. ئەگەر ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ بوو، وە جێناوەکانی دەستەی یەکەم بوون بە تەواوکەری بەیاریدە ئەوا جێناوەکان لەدوای ئامرازە پەیوەندییەکانەوە دێن. |

وەك لەم نموونانەدا ئاماژەم پێ کردووە جێناوەلکاوەکان تەنها بە وشەوە نالکێن بەڵکو بە ئامرازی پەیوەندیشەوە دەنووسێن. بۆیە وا باشترە بگوترێت جێناوەلکاوەکان بە کەرەستەیەکی

تری ڕستەوە دەنووسێن، چونکە ئەم دەستەواژەیە نیشاندەری تەواوی ڕۆڵ و شوێنی جێناوەکانە لە ڕستەدا.

3- توێژەران جێناوی لکاوی ناوی سێیەمی تاك (ی)یان داناوە لە جیاتیی جێناوی لکاوی ناوی سێیەمی کۆ (یان) لە دەوری بکەردا. دەڵێن (نالوێت ئاخاوتنی پێدەسپێبکرێت). دەبوو بنووسرایە (نالوێت ئاخاوتنیان پێدەسپێبکریت.)

پاش خستنەڕووی ئەم خاڵانەی سەرەوە، دەکرێت پێناسەی جێناوەلکاوەکان بەم شێوەیە دابڕێژینەوە.

جێناوەلکاوەکان:- بریتین لەو گیرەك (جێناو)انەی کە لە بری ناو و جێناوی سەربەخۆ بەکار دێن. جێناوەکان وەك وشەیەکی واتادار و سەربەخۆ بەکار نایەن، بەڵکو بە کەرەستەیەکی تری ڕستەوە دەنووسێن بۆ دەربڕینی دەوری ناو.